شیعر



ڕووزار ئەحمەد

# لە باخچەکەماندا پەپوولەکان دەگرین




لە باخچەکەماندا
پەپوولەکان هەموو سورەتەکانی
پاڕانەوەیان هێنا
چیتر منداڵەکانتان فێری
بینینی گوڵەکان کەن
گەورەکان دەستەکانیان
توانای زوو ئەزبەرکردنی
حیکمەتەکانی شەیتان و
قرتاندنی گوڵەکانە
با منداڵەکانمان فێری بینین کەین
لە ماڵەکەماندا
هەموو شتەکان
خۆڵ و دار و بەرد و
ئینسانەکانی پێدەکەنن

گوێیەک نییە
لە دەرگای ناخیان بداو
بزانێ بۆچی دەگرین
چاوێک نییە... ببینێ
چەندە بەریئانە
بیرەکانی یەکتریمان
پڕ دەکرد لە گوناه و
حەزەکانمان سەردەبڕی
قاچێک نەبوو
بەو سەرابانە بێتەوە و
شوێن پێیەکان هەڵگرێ و
مۆمێک لەو ژووانانە داگیرسینێ
کە چاوەڕوانی حەسرەتی
تێدا دەرچوو
لە باخچەکەماندا
"با"یەک دێ و
خێرا دەڕوا
چەند حەرفێک
لە لاپەڕەکانی باران و
چەند نۆتەیەک
لەلایە... لایەی لانکێکی لەیادکراو و
چەندا "مەردانێک"
لە تەپەکەی مەلا عەبدوڵا و
چاخانەکەی "گوڵناز" دەکا
بە ملوانەکەی ڕۆمانێکی نەبڕاوە و



"حەسیرە"کەش دەکاتە چەتر و
تۆزقاڵێک چای تێدا دەخواتەوە
دەیەوێ بەرەو ژوور بڕوا و
ئاخ.. دەنگی تەقەیەک
بە ئاگای دەهێنێ و
جارێکی دی دەگەڕێتەوە
دەبێت لەگەڵ خۆمدا
ژمارەی تابلۆکانی ئەم شارەم
بە دیاری بەرەم بۆ...
بۆ کوێ؟
دەڵێن لە گەرمیانا
"ڕۆخانەیەک" هەیە
ئەمەندەی "ئارارات"و ئەزمەڕ
نهێنی لە "سەر"دایە
لەژێر "ئاوماڵکە"ی ئەودا
سەدان خەون و
سەدان "یار غەزاڵ"و
سەدان "ئای ئای" تێدایە
دەگەڕێمەوە
ناوی وەچەکانی دەم شۆڕش و
چیرۆکەکانی دەم کچەکانی سەراو
سەگەکانی "ئسپارتە"ی خۆمان
هەر لەو ڕۆمانە نەبڕاوەدا
بۆ عەردێک دەگەڕێم
لاپەڕەیەکی تێدا ڕاخەم



دەمەوێ بزانم "ئاڵا"کەم
دەتوانێ ساتێک ئەملا و ئەولا
بە کەیف و ماشای خۆی بکا
من نارۆم تاوەکو بە زڵلەیەک
لەو خەوەت ڕانەهێنم
"مەنفا"ت وەبیر دێنمەوە
ئەی دێوەرەی
هەموو بەیانییەکانی من
چەندە بەسامەوە هەڵم دەگرتی و
لە زمستانە "زمهەریرەکاندا" دەمشاردییەوە
ئەوان بەردەوام پڕیان دەکردین
لە برین و دڵەڕاوکێ و حەسرەت و سەرما و ئەشکەوت و هات هات و
ئەوان بەردەوام دەیانگوت
برین بۆ کرێکار و
ئەشکەوت بۆ هەژار و...
ئەی زەوی نەورەسەکانی برسی و..
ژیانی سووتاو
لەو شوێنانەوە هاتم کە
ئاگر لەوانەکانی سووتان ناگا
لەو حەرفانەوە کە لە زاری
"با"یەکەوە هیچ
لە وەرزەکانی سۆڵە و
"توو لە ڕادۆ"نازانی
ئەی زەوی
پیری دەریا وا



له پاش خۆی خوێنێکی پاکیزەیی
دەم ئەو وەعدانەی
کە گیانەکان مەرەخەس بوون بۆ ژیان و
ئەو بۆ گەڕانەوەی
کورسییەکانی سەرەتایی
حەرفێک لەوێ دوور دوور
لە گیرفانی جانتایەکدا دەگری
مامۆستایەک
کە پەپوولەیەک هات
هەمووتان وریابن
پەپوولە گوڵ نییە ملی بقرتێنن
پەپوولەتان خۆش بوێ
لە بەهاردا دێن و باسی
هەستانەوە و زیندووبوونەوەی
ژیانمان فێر دەکەن
گوناهن گوڵەکان
شەریعەتەکان درۆ دەکەن
کە فێری ناردنی گوڵیان کردین و
کرانە بەری خۆشەویستی و
بەشێک لە میراتی باخچەکان



................................

"مەردان" مەبەست لە گۆرانیبێژی خوالێخۆشبوو (عەلی مەردانە).
"گوڵناز" چاخانەیەکە لە شۆریجەی کەرکووک.